سەرۆك وەزیران: ڕێگای چاکسازی درێژە، حکومەت دەستی کردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی

ئەمە پێنجشەممە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، تەئکیدیکردەوە: ڕێگای چاکسازی درێژە و حکومەت دەستی کردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی لەماوەی درێژخایەندا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پەشوازی لە بانیزانی گروپی پەیوەندی ئابوری عەراق (IECG) کرد، کە نوێنەرایەتی وەتانی گەورەی ئابووری دەکات، فەرەنسا، بریتانیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئەمریکا، ژاپۆن، کەنەدا، جگە لەبانیزی یەکەتی ئەوروپا.

لە میانی دیدارەکەدا سەرۆك وەزیران، ئەو هەوڵانەی بەرز نرخاند کە لە قەناغە جیاوازەکانی ئابردوودا دراون بە پاڵپشتیکردنی عەراق، هاوکات سوپاس و پێزانینی خۆی بە ئەمریکا و ئیتالیا دەربڕی کە سەرکایەتی گروپەکە بوون، بە ئەو کار و پەیوەندییانەی کە پەشکەشیان کرد، و جەختیشیکردەوە: لەبەردەوامی هاوکاری لەگەڵ سەرکایەتی داهاتوو کە شانشینی یەکگرتوو و فەرەنسا نوێنەرایەتی دەکەن، بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی کە ئەم گرووپە بیان پێکهێناوە.

هەروەها ئاماژەی کرد: بە دیدگای حکومەت سەبارەت بەو چاکسازییە ئابووری و دارایی و بانکی و گومرگیانەی کە دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی، و جددیەتی لە دامەزراندنی ئەبازەکی کارکردنی داهاتوو،

جگە لە هەوڵەکانی لە جێبەجێکردنی بڕگەنامەکانی لە چوارچێوەی بەرنامەی وەزاریدا، و ئەو پێنج ئەولەویەتەی کە لە بەرنامەی جێبەجێکردنیدا جێگیرکرابوون.

سودانی تەئکیدیکردەوە: کە ئەو پەژە ستراتیژیانەی کە دەبنە بنەمایەکی گرنگ بە ریفەرمی ئابووری عێراق، کە ڕێگای گەشەپێدان و پەژەکانی غاز و وزەی نوێبووەوەن، و وتیشی: حکومەت درك بەوە دەکات کە ڕێگای چاکسازی درێژە، بەڵام دەستیکردووە بە دانانی زەمینەسازی بۆی لە درێژخایەندا، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بە حکومەتەکانی داهاتوو بە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

لای خۆیانەوە نوێنەرانی گروپی پێوەندییەکە، گرنگی و گەشبینییەکی زۆریان بە سیاسەتەکانی حکومەت لە بواری ئابووریدا دەربڕی، هەروەها ئاماژەیان بە بابەتە کەمکەبووەکانی ڕابردوو کرد کە حکومەت دەستیکردووە بە چارەسەرکردنی.

هاوکات باڵیۆزی ئیتاڵیا، وەسفکردنی حکومەت بە دەستکەوتەکان، و ئامادەکردنی بودجەیەکی جیاواز کە بیرکەی نوێی وەك سندوقی عێراق بە گەشەپێدان و دابینکردنی گرێنتی سەروەری بە کەرتی تایبەت لەخەدگرێت بەرز نرخاند.

هەروەها باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ستایشی هەنگاوەکانی سەرکەوتووی حکومەتی کرد لەبواری چاکسازییەکانی بانکی و ڕەبازکەی بە چاکسازی لە بانکەکانی حکومەت بە پشتبەستن بە کەمپانیا گەورە نێودەوڵەتییەکان و هەنگاوەکانی بەرەو کاراکردنی سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی.

هەر لە دیدارەکەدا باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق، ستایشی سیاسەتەکانی حکومەتی کرد لە چاکسازی لە دەروازە سنووریەکان و گومرگەکان بە پەسەندکردنی سیستەمی ئاسیکودا و ئامادەکردنی بودجەی دارایی بە ماوەی سێ ساڵ.

کەبونەوەکە بە ڕەکەوتنەك بە پەکهەناتنی گروپی کار و پلانی کارکردن بە ماوەی 6 مانگ کۆتایی هات، لەگەڵ کەبوونەوەکانی نێوان نوێنەرانی وڵاتانی گروپەکە و وەزارەتەکان و ڕاوێژکارانی سەرۆك وەزیران کە پێوەندییان بە کارەکانی بەدواداچوونەوە هەیە و لە دواییشدا کەبوونەوەیەك دەکرێت کە سەرۆك وەزیران سەرکایەتی دەکات بە هەڵسەنگاندنی ئەوەی پێشکەشکراوە.